# چی دەکەیت لە دوای لە دەستدانی خۆشەویستێکت؟

نوسینی: أبي عبدالعزيز منير الجزائري

وەرگێڕانی: هشام لطيف البرزنجي



بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الجليل وصفه، الجميل لُطفه، الجزيل ثوابه، الشديد عِقابه، الحي القيُّوم، الذي أوجدَ الكونَ من عدم ودبَّره، وخلق الإنسان من نُطفة فقدره، ﴿ثُمَّ السَّبِيلَ يَسَّرَهُ (٢٠) ثُمَّ أَمَاتَهُ فَأَقْبَرَهُ (٢١) ثُمَّ إِذَا شَاءَ أَنْشَرَهُ﴾ فسُبحانه من إله ما أعزه وأقدره، وأشهدُ أن لا إله إلا الله وحدَهُ لا شريك له شهادةَ مُعترفٍ بِوحدانيتهِ، مقرٌّ بألوهيَّته وربوبيته، وأشهد أن محمدا عبدهُ ورسوله أفضلُ بَريَّته، اللهم صل وسلم على محمد وعلى آله وأصحابه صفوةَ الله من خلقه وخيرته.

له پاشان: ئەی براکانم لە پێناوی خوای گەورە .. لەبەر خوای گەورە خۆشتانم دەوێت.

دونیا دروستکراوە لەسەر بەڵاو موسیبەت، وە ناڕەحەتیو مەشەقەتی تێدایەو خێری کەم تێدایە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي كَبَدٍ﴾ [1] [البلد: ٤]. بە دڵنیایی مرۆڤمان دروست کردووە بەڕێکیو بەڕاستیو دامەزراوی، یاخود (كَبَدٍ) واتە: بە مەشەقەو ناڕەحەتی، واتە: مرۆڤ بەدرێژایی تەمەنی لە مەشەقەو ناڕەحەتیدایەو مەشەقەو ناڕەحەتییەکانی ژیانی دونیا ئەچێژێ تا مردن، وە کە مردیش لە ڕۆژی قیامەتیشدا ڕووبەڕووی مەشەقەو ناڕەحەتیو سەغڵەتی ڕۆژی قیامەت ئەبێتەوە.

## وە لە گەورەترین بەڵاو موسیبەتەکان کە دابەزیووە، وە ئەو شتانەی کە لەناکاو ڕوو دەدەن:

لە دەستدانی خۆشەویستەکانە لە دایکو باوك،و براو خوشك،و خاڵۆو پور،و مامەو میمك .. وە خۆشەویستەکانو هاوڕێکان، وەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَأَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةُ الْمَوْتِ﴾ [المائدة: ١٠٦]. کە ئێوە تووشی بەڵاو موسیبەتی مردن

---

[1] تەفسیری ئایەتەکانم وەرگرتووە لە تەفسیری ڕێبەر، ئامادەکردنی مامۆستای بەڕێزو خۆشەویستم م. صلاح الدين عبدالكريم.

بوون.

يَا اللهُ، چی موسیبەتێکی گەورەیە لە چەند ساتێکی کەمدا، وە چەند خولەكو ساتێکی قورسە، ئەمڕۆ دەبینی خۆشەویستێکت دونیا جێ دەهێڵێت بەرەو گۆڕ دەیبەن، ئەو کاتە هەست بە ناخۆشیو تاڵی جیابوونەوەو لە دەستدانی دەکەیت.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَى﴾ [طه: ٥٥].

واتە: ﴿مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ﴾ لەو زەویە لەو خۆڵە دروستمان کردوون، واتە: ئادەم بنچینەو ئەسڵی لە خۆڵ بووە ﴿وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ﴾ پاشانیش ئەتانگەڕێنینەوە بۆ ناو زەوی کاتێك کە ئەمرن ﴿وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَى (٥٥)﴾ وە لە ڕۆژی قیامەتیش جارێکی تر لە زەوی دەرتان ئەکەینەوەو زیندووتان ئەکەینەوە وە لە ڕۆژی قیامەتیش جارێکی تر لە زەوی دەرتان ئەکەینەوەو زیندووتان ئەکەینەوە.

چۆن کەسێك ئەتوانێت دایکی بکاتە گۆڕەوە لە کاتێکدا سۆزو خۆشەویستی دایکیو شتەکانی بیردێتەوە لە.. یادی لە ڕۆژە خۆشەکانیو خوڕەوشتە بەرزەکانی دەکاتەوە؟!

وە چۆن کەسێك خۆی بگرێت لەسەر ناشتنی باوکی کە هەوڵی دەدا بۆیانو ناڕەحەتبوو لە پێناویانو هەوڵو تێکۆشانی ئەوەبوو منداڵەکانی ڕزگار بکات لە ناڕەحەتی؟!

وە چۆن کەسێك خۆی بگرێت لەسەر ناشتنی منداڵەکەی کە پارچەیەك بوو لە جگەریو پوختەی دڵیو ڕونکای چاوی بوو؟!

وە چۆن کەسێك خۆی بگرێت لەسەر ناشتنی خۆشەویستەکەی کە بیر لە زەردەخەنەو قسە خۆشەکانیو خوڕەوشتە بەرزەکانی دەکاتەوە؟!

لەم کاتو حاڵانەدا شوێنەواری باوەڕبوونە بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی دەردەکەوێت، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ﴾ بە دڵنیایی تاقیتان دەکەینەوە بە کەمێك لە ترس کە دوژمن زاڵ بکەین بەسەرتانداو ترسی دوژمنتان هەبێ وە بە برسێتی و نەبوونی ﴿وَنَقْصٍ مِنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ﴾ وە بە کەمی لە ماڵ و سەروەت و سامانو نەفسو بەرووبووم ﴿وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ (١٥٥)﴾

بەڵام مژدە بدە بەو کەسانەی کە لە کاتی ئەو بەڵاو موسیبەتانە ئارامگرن ﴿الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ (١٥٦)﴾ ئەو کەسانەی کە تووشی بەڵاو موسیبەتێك ئەبن ئەڵێن: ئێمە هەر موڵکی خوای گەورەین وە هەموومان بۆ لای خوای گەورە ئەگەڕێینەوە ﴿أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ﴾ هەر کەسێك بڵێ: (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) سەبرو ئارام بگرێ ئەوانە سەڵاواتی خوای گەورەیان لەسەرە واتە: خوای گەورە لێیان خۆش ئەبێ وە مەدحیان ئەکات لەلای فریشتەکان وە خوای گەورە ڕەحمیان پێ ئەکات ﴿وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ (١٥٧)﴾ [البقرة]. وە ئەوانە خوای گەورە هیدایەتیان ئەدات.

## پەندو عیبرەتێك

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه، قَالَ: مَرَّ النَّبِيُّ ﷺ بِامْرَأَةٍ تَبْكِي عِنْدَ قَبْرٍ، فَقَالَ: «اتَّقِي اللَّهَ وَاصْبِرِي» قَالَتْ: إِلَيْكَ عَنِّي، فَإِنَّكَ لَمْ تُصَبْ بِمُصِيبَتِي، وَلَمْ تَعْرِفْهُ، فَقِيلَ لَهَا: إِنَّهُ النَّبِيُّ ﷺ، فَأَتَتْ بَابَ النَّبِيِّ ﷺ، فَلَمْ تَجِدْ عِنْدَهُ بَوَّابِينَ، فَقَالَتْ: لَمْ أَعْرِفْكَ، فَقَالَ: «إِنَّمَا الصَّبْرُ عِنْدَ الصَّدْمَةِ الأُولَى»[٢].

واتە: لە ئەنەسەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ تێپەڕیبوو بەلای ئافرەتێکدا دەگریا لەلای گۆڕێك پێی فەرموو: تەقوای خوات هەبێت‌و ئارامبگرە.

ئەویش ووتی: وازم لێبێنەو لێم دوربکەوە، تۆ تووشی موسیبەتی وەکو ئەوەی من نەبوویتە، نەیزانی کە پێغەمبەری خوایە ﷺ، پێی ووترا: ئەوە پێغەمبەری خوابوو ﷺ، ئافرەتەکە هات بۆلای ماڵی پێغەمبەری خوا ﷺ، دەرگاوانی نەبینی ووتی: تۆم نەناسی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئارامگرتن کە ئەجرو پاداشتی گەورەی هەیە تەنها لە یەکەم ساتدایە.

(٢) رواه البخاري (١٢٨٣)، ومسلم (٩٢٦).

# چی دەوترێت لە کاتی موسیبەتدا؟

ئـەوەی پێویـستە بوترێـت لـەکاتی بـەڵاو موسـیبەتدا، ئەوەیـە جێگیربـووە لـە پێغەمبەری خواوە ﷺ:

لــە ئــوم ســەلەمەوە (ڕەزای خــوای لێبێــت) خێزانــی پێغەمبــەری خــوا ﷺ دەفـەرمووێت: گـوێم لێبـوو پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەیفـەرموو: « **مَا مِنْ عَبْدٍ تُصِيبُهُ مُصِيبَةٌ، فَيَقُولُ: {إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ} [البقرة: ١٥٦]، اللهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي، وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا، إِلَّا أَجَرَهُ اللهُ فِي مُصِيبَتِهِ، وَأَخْلَفَ لَهُ خَيْرًا مِنْهَا**».

قَالَتْ: فَلَمَّا تُوُفِّيَ أَبُو سَلَمَةَ، قُلْتُ: كَمَا أَمَرَنِي رَسُولُ اللهِ ﷺ، فَأَخْلَفَ اللهُ لِي خَيْرًا مِنْهُ، رَسُولَ اللهِ ﷺ [(٣)].

واتە: هیچ کەسێك نییە توشی بەڵاو موسیبەتێك ببێت، بڵێت: ئێمە موڵکی خـوای گەورەین وە هەموومان بۆلای خوای گەورە دەگەڕێینـەوە. خوایـە پاداشـتم بدەیتـەوە لەسەر ئەم موسیبەتە، وە جێگەکەیم بۆ پڕبکەرەوە لەوە باشترو خێرتر، ئیللا خـوای گەورە پاداشتی دەداتەوە، وە بە لەوە باشتری بۆ پڕدەکاتەوە.

ئوم سەلەمە دەفەرمووێت: کاتێك ئەبو سەلەمە وەفاتی کرد، ئـەوەم ووت، وەکـو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد، خوای گـەورە بـۆی پڕکردمـەوە لـەوە باشـتر، کـە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو.

---

(٣) رواه مسلم (٩١٨).

# هەندێك كردەوە هەیە پێچەوانەی ئارامگرتن نییە

## ١- گریان لەسەر مردوو بەشێوەیەكی شەرعی:

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ، قَالَ: دَخَلْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ عَلَى أَبِي سَيْفٍ القَيْنِ، وَكَانَ ظِئْرًا لِإِبْرَاهِيمَ عَلَيْهِ السَّلاَمُ، فَأَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِبْرَاهِيمَ، فَقَبَّلَهُ، وَشَمَّهُ، ثُمَّ دَخَلْنَا عَلَيْهِ بَعْدَ ذَلِكَ وَإِبْرَاهِيمُ يَجُودُ بِنَفْسِهِ، فَجَعَلَتْ عَيْنَا رَسُولِ اللَّهِ ﷺ تَذْرِفَانِ، فَقَالَ لَهُ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: وَأَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَقَالَ: «يَا ابْنَ عَوْفٍ إِنَّهَا رَحْمَةٌ»، ثُمَّ أَتْبَعَهَا بِأُخْرَى، فَقَالَ ﷺ: «إِنَّ العَيْنَ تَدْمَعُ، وَالقَلْبَ يَحْزَنُ، وَلاَ نَقُولُ إِلَّا مَا يَرْضَى رَبُّنَا، وَإِنَّا بِفِرَاقِكَ يَا إِبْرَاهِيمُ لَمَحْزُونُونَ»[٤].

واتە: لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: چووینە ژوورەوە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بۆماڵی ئەبی سەیف (كە خێزانەكەی شیری دەدا بە ئیبراهیم –ڕەزای خوای لێبێت–، ناوی خەولەی كچی مونذیر بوو –ڕەزای خوای لێبێت–) (وە ئەبی سەیف –ڕەزای خوای لێبێت–) باوكی بوو لە ڕێی شیر پێدانی خێزانەكەی، پێغەمبەری خوا ﷺ ئیبراهیمی هەڵگردو ماچی كردو بۆنی پێوەكرد، پاشان لە دوای ئەوە بۆجارێكی تر چووینە ژوورەوە، ئیبراهیم لەسەرەمەرگدا بوو نزیكبوو ڕوحی دەربچێت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی كرد بە گریان و فرمێسك بە چاوەكانی هاتە خوارەوە، عەبدولڕەحمانی كوڕی عەوف (ڕەزای خوای لێبێت)پێی فەرموو: تۆش ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەگریت؟

فەرمووی: « ئەمە ڕەحمەتە ئەی ئیبن عەوف » لەپاش ئەو گریانە فەرمووی ﷺ: « بەڕاستی چاو فرمێسكی لێدێت، وە دڵ خەفەتبار دەبێت،وە هیچ شتێك ناڵێین تەنها لە ڕازی بوونی خوای گەورەیا نەبێت، وە ئێمە بە مردنی تۆ ئەی ئیبراهیم خەفەتبارین ».

(٤) رواه البخاري (١٣٠٣)، ومسلم (٢٣١٥).

## ٢- دەربڕینی شەکواو گلەیی بۆلای خوای گەورە:

ئێمە پێشەنگی چاکمان هەیە کە پێغەمبەر یەعقوبە (سەلامی خوای لێبێت)، کاتێك تووشی ئەو موسیبەتە بوو گلەیی و شەکوای خۆی تەنها لای خوای گەورە باسکرد، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ﴾ (بَثّ) واتە: ئەوپەڕی غەم و خەفەت و سەختترینی، یەعقوب ﷺ فەرمووی: شەکواو گلەیی و ئەوپەڕی غەم و خەفەتی خۆم بۆ لای خوای گەورە دەرئەبڕم ﴿وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ (٨٦)﴾ وە ئەوەی کە لەلایەن خوای گەورەوە من ئەیزانم ئێوە نایزانن،لە ڕەحم و بەزەیی خوای گەورە، یان پاداشت وەرگرتن لەسەر موسیبەت، یاخود خوای گەورە پێی وتوومو ئەزانم یوسف زیندووە، یان یوسف ﷺ خەوەکەی ڕاست بووەو هەر ئەگەڕێتەوە.

شەکواو گلەیی خۆی لای خوای گەورە کرد نەك گلەیی لە خوای گەورە بکات، هەرکەسێك گلەیی خۆی لای خوای گەورە بکات ئەوا دەگات بە مەبەست، ئەوەیشی گلەیی لە خوای گەورە بکات دەبچڕێت (خوای گەورە یارمەتی نادات)، کاتێك کە گلەیی خۆی لای خوای گەورە کرد خوای گەورەش یارمەتی دا.(٥)

بەڵام "ئەو کەسەی گلەیی لە خوای گەورە بکات لای کەسێك، ئەوا گلەیی و شەکوای ئەو کەسەی بردووە کە ڕەحمی پێدەکات (کە خوای گەورەیە) بۆلای کەسێك کە ڕەحمی پێناکات".(٦)

---

(٥) اللطائف والإشارات: (٣/ ٢٠٠).

(٦) عُدة الصابرين (ص ٢٣٢)

## لەو هەڵەو کارە ناشەرعییانەی کە دەکرێت لە کاتی بەڵاو موسیبەتدا

شەرع قەدەغەی کردووە لە هەموو وتەو کردەوەیەك کە ناڕەزابوونی تێدابێت، وە ئارام گرتنی تیانەبێتو ڕازی نەبێت بە قەزاو قەدەری خوای گەورە:

### ١- دڕینی پۆشاكو هاوارکردن بە وەیل:

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ ﷺ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ «لَعَنَ الْخَامِشَةَ وَجْهَهَا، وَالشَّاقَّةَ جَيْبَهَا، وَالدَّاعِيَةَ بِالْوَيْلِ وَالثُّبُورِ».(٧)

واتە: لە ئەبی ئومامەوە (ڕەزای خوای لێبێت) پێغەمبەری خوا ﷺ: نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە ڕووی خۆیان دەرِنن، وە کراسەکەیان دەدڕێنن، وە دوعا لە خۆیان دەکەن بە وەیلو هیلاکچوون.

### شەرحی فەرموودەکە:

"الْخَامِشَةَ وَجْهَهَا" واتە: ڕووی بریندار دەکات بە نینۆکیو لەخۆی دەدات، "وَالشَّاقَّةَ جَيْبَهَا" واتە: پۆشاکەکەی دەدڕێت لەکاتی بەڵاو موسیبەتدا، "وَالدَّاعِيَةَ" واتە: دوعا لە خۆی دەکات "بِالْوَيْلِ" واتە: بە خەفەتباریو نارەحەتی "وَالثُّبُورِ" واتە: تیاچوون: دەڵێت: ئەی خەفتباربم ئەی بە هیلاکچم(٨).

وە بەهەمان شێوە دروست نییە لەبەرکردنی پۆشاکێکی تایبەت لە کاتی بەڵاو موسیبەتدا کە مەعنای ئەوە بگەیەنێت ئەو کەسە خەفەتبارە، وەکو پۆشینی پۆشاکی ڕەش بۆ نمونە.

شێخ ئیبن عثیمین (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: پۆشینی پۆشاکی ڕەش لەکاتی بەڵاو موسیبەتدا کارێکی بەتاڵو ناڕەوایە، هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە کە دروست بێت.(٩)

---

(٧) رواه ابن ماجة (١٥٨٥)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٥٠٩٢).

(٨) فيض القدير (٥/ ٣٤١).

(٩) فتاوى علماء البلد الحرام (ص ٨٢١).

### ٢- لەخۆدان و دڕینی پۆشاکی بەری و شیوەن و لاواندنەوە وەکو سەردەمی نەفامی

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بنِ مَسعود ﵁ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَطَمَ الخُدُودَ، وَشَقَّ الجُيُوبَ، وَدَعَا بِدَعْوَى الجَاهِلِيَّةِ»[١٠].

واتە: لە ئێمە نیە ئەو کەسە کە لە ڕوومەتی خۆی دەدات، و بەرۆکی خۆی بدڕێت، و بانگەشە بۆ کارو کردەوەی سەردەمی نەفامی بکات.

### شەرحی فەرموودەکە:

"وَشَقَّ الجُيُوبَ" کۆکراوەی –جیب– وە –الجیب– ئەوەی دەدرێت بۆئەوەی بچێتە سەری کەسەکەوە (واتە: ملوانی کراسەکەی دەدرێت لەبەری خۆیدا)

"وَدَعَا بِدَعْوَى الجَاهِلِيَّةِ" شیوەن و هاوارکردن و لەخۆدان لەسەر مردوو، وە باسکردنی بە ڕزگارکەری عەشیرەت و سەرپەرشتی هەتیوان، و جگە لەو وەسفانە کە دەیژمێرن، وە ووتنی ئەی پشت و پەنامان، پشت شکاو خۆمان، ئەی گەورەمان، و دڕینی جلو بەرگە لەبەر خۆی، وە هەموو وتەیەك کە ناڕازیبوون و گلەیی کردن بێت لە حیکمەت و قەزاو قەدەری خوای گەورە[١١].

### ٣- هاوارو شیوەن کردن لەسەر مردوو:

عَنْ مَالِكٍ الْأَشْعَرِيَّ ﵁ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا، تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ، وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ» [١٢].

واتە: لە مالیکی ئەشعەرییەوە (ڕەزای خوای لێبێت) پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئەوەی هاوارو شیوەن دەکات ئەگەر تۆبە نەکات پێش مردن، ئەوا لە ڕۆژی دوایی پۆشاکی بەشی خوارەوەی لە مسی تواوە (قەتران)و پۆشاکی بەشی سەرەوەی گەڕو گولی دەکات (تا سزاکەی زیاتر بێت).

---

(١٠) رواه البخاري (١٢٩٤)، ومسلم (١٠٣).

(١١) تيسير العلام (لاپەڕە ٣٩٤).

(١٢) رواه مسلم (٩٣٤).

## شەرحی فەرموودەکە:

واتە: پێستەی گیانی تووشی گەڕی دەبێت تا وەکو پۆشاکێکی لێدێت لەبەریدا بێت "الدِرْعٌ" قەمیسی ئافرەتان "قَطِرَانٍ" ڕۆنێکە دەدرێت لە حوشترێك کە گەڕ بووبێت پێستەکەی گیانی دەسوتێنێت لەبەر گەرمیو توندییەکەی، خۆی دەبینێتەوە لە سوتانو خێرا گڕگرتنی پێستەکەیو ڕەنگە ناشرینو بۆنە ناخۆشەکەی. کە ئەمەش پاداشتی کردەوەکەیەتی بەپێی تاوانەکەی خۆی.

کە ئەم پۆشاکە تایبەت کراوە لەبەرئەوەی بەو قسانەی کە دەیکات دڵی خاوەن مردووەکە خەفەتبار دەکات، وە کە ڕەنگی قەتیرانە چونکە پۆشاکی ڕەشی لەبەردەکرد لە کاتی بەڵاو موسیبەتدا.[١٣]

## ئاگادارکردنەوە:

هەندێك لەو وتانەی کە ناشەرعییە هەندێك لە خەڵکی دەیڵێن لە جەزائیر[١٤] لە کاتی بەڵاو موسیبەتدا خوای گەورە هیدایەتیان بدات، لەوانە:

١- (تَفَكَّروا رَبي) کە ئەم وتەیە وەسفی خوای گەورە دەکات بە لەبیرچوون پەنا بەخوا، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾ (مريم: ٦٤). نەخێر خوای گەورە هیچ شتێك لەبیر ناکات.

٢- (وَعلاشَ يا ربي – بۆچی خوایە)، (شَفتنا غيرَ حنا يا ربي – جگە لە ئێمە کەسی ترت نەبینیووە)، (لَو كانَ غِير خلّاه لَولادُو – دەبوایە لەبەر منداڵەکانی نەتمراندایە) وە جگە لەو وتانە کە بەڵگەیە لەسەر لاوازی باوەڕیان وە بە تایبەتی بە قەزاو قەدەر، کە پایەیەکە لە پایەکانی ئیمان، وە ئەو قسانە وەسفی خوای گەورەی تێدایە بە زوڵم –پەنا بەخوا– خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ﴾ [فصلت: ٤٦]. وە پەروەردگارت زوڵم و ستەم لە بەندەکانی ناکات.

---

(١٣) فيض القدير (٦/٣٨١).

(١٤) لە کوردستانی خۆمانیش هەندێك وتە هەیە لەو کاتەدا دەوترێت هەڵەیەو پێویستە ئەو کەسانە لێی دووربکەونەوەو وازی لێبێنن، وەك دەڵێن: (کاتی نەبوو، هێشتا گەنج بوو، خوایە بەس ئێمەت دیبوو، ئەمە چی بوو خوایە ئەم بەڵایە ناردت بۆ ئێمە ...هتد).

٣- (المَرحوم)، (المَغفور لَه): بە هیچ کەسێکی دیاریکراو ناوترێت ڕەحم لێکراو یان خوا لێخۆشبوو، بەڵکو دوعای بۆ دەکرێت: (اللهُمَّ اغفِر لَه، اللهُمَّ ارحَمه).

واتە: خوایە لێی خۆشبە، خوایە ڕەحمی پێ بکە.

ئاگادارین ئاگادارین لەم قسانە، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسولُ اللهِ ﷺ: « وَإِنَّ العَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ، لاَ يُلْقِي لَهَا بَالًا، يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ»[١٥].

واتە: لە ئەبی هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: کەسی واهەیە قسەیەك دەکات لە توڕەبوونی خوای گەورە، وە گوێی لێ نییە کە چی وتووە،و گرنگی پێ نادات بەڵام بەهۆی ئەو قسەیەوە دەچێتە دۆزەخەوە.

## چی کردەوەیەك بکرێت بۆ باوەڕدار لە کردەوەی چاك: (واتە لە دوای مردنی)؟

ئەی براکانم لەپێناو خوای گەورە، هیچ کەسێك نییە لە ئێمە ئیللا دایکی یان باوکی بەڕێزو خۆشەویستی یان برایەکی خۆشەویستی یان هاوڕێیەکی نزیکی لە دەستداوە، ئێستا ئەوان خۆیان و کردەوەی خۆیان، کردەوەکانیان بچڕاوەو ناتوانن کردەوە بکەن، تەمەنیان کۆتایی پێهاتووە، بەڵام زۆر جیاوازە ئەو کەسانەی خاوەن باوەڕێکی تەواو بوونەو ئەو کەسانەی بێ ئاگا بوونە.

لە ڕەحمەتی خوای گەورەیە بە بەندەکانی دەرگای خێری لێمان کردووەتەوە تا سوود بگەیەنین بە کەسانی تر بە ویستی خوای گەورە، بۆیە دەست پێشخەری بکەن لە کردەوەی چاك بەڵکو خوای گەورە لە ئێمەو ئێوەیشی وەربگرێت.

- بەڵگە لەسەرئەوەی کردەوە سوود بە مردوو دەگەیەنێت بەبێ ئەوەی خۆی ئەنجامی دابێت، لە قورئان و سوننەت و یەك دەنگی زانایان و قیاسە[١٦].

---

(١٥) تيسير العلام (لاپەڕە ٣٩٤).

(١٦) شرح العقيدة الطحاوية/ (لاپەڕە: ٣٨٦).

# ئەو کردەوانەی سوود
# بە مردوو دەگەیەنێت

## ١- دوعاو داوای لێخۆشبوون بۆی:

عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ، قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ، إِذَا فَرَغَ مِنْ دَفْنِ الْمَيِّتِ وَقَفَ عَلَيْهِ، فَقَالَ: « اسْتَغْفِرُوا لِأَخِيكُمْ، وَسَلُوا لَهُ التَّثْبِيتَ، فَإِنَّهُ الْآنَ يُسْأَلُ» (١٧).

واتە: لە عوسمانی کوڕی عەففانەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: کاتێك لە ناشتنی مردوو تەواو بووینایە، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕادەوەستاو دەیفەرموو: « داوای لێخۆشبوون بۆ ئەم برایەتان بکەن و داوای جێگیربوونی بۆ بکەن چونکە ئێستا پرسیاری لێدەکرێت».

وَ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: « إِنَّ الرَّجُلَ لَتُرْفَعُ دَرَجَتُهُ فِي الْجَنَّةِ فَيَقُولُ: أَنَّى هَذَا؟ فَيُقَالُ: بِاسْتِغْفَارِ وَلَدِكَ لَكَ »(١٨).

واتە: وە لە ئەبی هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: کەسی واهەیە لە بەهەشتدا پلەی بەرز دەبێتەوە دەڵێت ئەمە بەهۆی چییەوەیە؟

پێی دەوترێت: بەهۆی داوای لێخۆشبوونی منداڵەکەت بۆت.

## ٢- خێرکردن بۆی:

عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها أَنَّ رَجُلًا قَالَ لِلنَّبِيِّ ﷺ: إِنَّ أُمِّيَ افْتُلِتَتْ نَفْسُهَا، وَإِنِّي أَظُنُّهَا لَوْ تَكَلَّمَتْ تَصَدَّقَتْ، فَلِي أَجْرٌ أَنْ أَتَصَدَّقَ عَنْهَا؟ قَالَ: « نَعَمْ » (١٩).

واتە: لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێبێت) پیاوێك بە پێغەمبەری ﷺ فەرموو: دایکم لە ناکاودا مرد، وە من وا گومان دەبەم ئەگەر فریا بکەوتایە قسە بکات و

---

(١٧) حديث صحيح: رواه أبو داود (٣٢٢١)، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٩٤٧).

(١٨) حديث صحيح: رواه ابن ماجة (٣٦٦٠)، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٢٤٩٧).

(١٩) رواه البخاري (١٣٨٨)، ومسلم (١٠٠٤).

وەسييەت بكات ئەوا خێرى دەكرد، ئايە خێرى بۆ دەچێت ئەگەر من خێرى بۆ بكەم؟

فەرمووى: « بەڵێ ».

## وە لە هەموو خێرێك گەورەتر بەخشينى ئاوە.

لەبەرئەوەى گشتگيرەو سوودى هەيە بۆ دينو دونيا وە بە تايبەتى لە شوێنێكى گەرم[٢٠].

* عَنْ سَعْدِ بْنِ عُبَادَةَ ﵁ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ إِنَّ أُمِّي مَاتَتْ أَفَأَتَصَدَّقُ عَنْهَا؟

قَالَ: « نَعَمْ »

قُلْتُ: فَأَيُّ الصَّدَقَةِ أَفْضَلُ؟

قَالَ: « سَقْيُ الْمَاءِ »[٢١].

لە سەعدى كوڕى عوبادەوە (ڕەزاى خواى لێبێت) دەفەرمووێت: ووتم: ئەى پێغەمبەرى خوا ﷺ دايكم وەفاتى كردووە ئايە خێرو صەدەقەى بۆ بكەم؟

فەرمووى: « بەڵێ ».

ووتم: چى خێرێك باشترو چاكترە؟

فەرمووى: « بەخشينى ئاو ».

### ٣- دانەوەى قەرز بۆى:

عَنْ سَلَمَةَ بْنِ الأَكْوَعِ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ أُتِيَ بِجَنَازَةٍ لِيُصَلِّيَ عَلَيْهَا، فَقَالَ: «هَلْ عَلَيْهِ مِنْ دَيْنٍ؟»، قَالُوا: لاَ.

فَصَلَّى عَلَيْهِ.

ثُمَّ أُتِيَ بِجَنَازَةٍ أُخْرَى، فَقَالَ: «هَلْ عَلَيْهِ مِنْ دَيْنٍ؟».

قَالُوا: نَعَمْ.

قَالَ: «صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُمْ»، قَالَ: أَبُو قَتَادَةَ عَلَيَّ دَيْنُهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَصَلَّى

---

(٢٠) عون المعبود (٦٥/٥).

(٢١) رواه النسائي (٣٦٦٤)، وقال الألباني "حسن لغيره" في "صحيح الترغيب" (٩٦٢).

عَلَيْهِ.(٢٢)

واتە: لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە (ڕەزای خوای لێبێت) جەنازەیەکیان هێنا بۆلای پێغەمبەر ﷺ، بۆئەوەی نوێژی لەسەر بکات، فەرمووی: ئایە هیچ قەرزێکی لەسەرە؟

فەرموویان: نەخێر.

نوێژی لەسەر کرد.

پاشان جەنازەیەکی تریان هێنا، فەرمووی: « ئایە هیچ قەرزێکی لەسەرە » ؟

فەرموویان: بەڵێ.

فەرمووی: خۆتان نوێژ لەسەر هاوەڵەکەتان بکەن.

ئەبو قەتادە فەرمووی: من قەرزەکەی بۆ دەدەمەوە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، نوێژی لەسەر کرد.

## ٤- ڕۆژووگرتن:

* عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: « مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صِيَامٌ صَامَ عَنْهُ وَلِيُّهُ ».(٢٣)

واتە: لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێبێت) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « هەرکەسێك بمرێت و ڕۆژووی قەرزی لەسەر بێت (قەرزی ڕەمەزان یان ڕۆژووی نەزر یان کەفارەت) کەسە نزیکەکانی بۆی بگرنەوە.

* عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّ أُمِّي مَاتَتْ وَعَلَيْهَا صَوْمُ شَهْرٍ، أَفَأَقْضِيهِ عَنْهَا؟

فَقَالَ: « لَوْ كَانَ عَلَى أُمِّكَ دَيْنٌ، أَكُنْتَ قَاضِيَهُ عَنْهَا؟ » قَالَ: نَعَمْ.

قَالَ: « فَدَيْنُ اللهِ أَحَقُّ أَنْ يُقْضَى ».(٢٤)

واتە: لە ئیبن عەبباسەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا دایکم مردووە و ڕۆژووی مانگێك قەرزارە، ئایە من

(٢٢) رواه البخاري (٢٢٩٥).

(٢٣) رواه البخاري (١٩٥٢)، ومسلم (١١٤٧).

(٢٤) رواه البخاري (١٩٥٣)، ومسلم (١١٤٨)، واللفظ له.

لە جێگای بیگرمەوە؟

فەرمووی: « ئایە ئەگەر دایکت قەرزار بێت، قەرزەکەی بۆ دەدەیتەوە؟ »

فەرمووی: بەڵێ.

فەرمووی: « قەرزی خوای گەورە لەپێشترە کە بیدەیتەوە ».

## ٥- حەج و عومرە:

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ أَنَّ امْرَأَةً مِنْ جُهَيْنَةَ، جَاءَتْ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَتْ: إِنَّ أُمِّي نَذَرَتْ أَنْ تَحُجَّ فَلَمْ تَحُجَّ حَتَّى مَاتَتْ، أَفَأَحُجُّ عَنْهَا؟ قَالَ: «نَعَمْ حُجِّي عَنْهَا، أَرَأَيْتِ لَوْ كَانَ عَلَى أُمِّكِ دَيْنٌ أَكُنْتِ قَاضِيَةً؟ اقْضُوا اللَّهَ فَاللَّهُ أَحَقُّ بِالوَفَاءِ»[٢٥]

واتە: لە ئیبن عەبباسەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) ئافرەتێك لە هۆزی جوهەینە بوو، هات بۆلای پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دایکم نەزری کردووە کە حەج بکات بەڵام حەجی نەکرد تا وەفاتی کرد، ئایە لە جێی حەج بکەم؟ فەرمووی: « بەڵێ حەج بکە لەجێی، هەواڵم پێبدە ئایە ئەگەر دایکت قەرزار بووایە قەرزەکەت بۆ نەدەدایەوە؟ قەرزی خوای گەورە بدەرەوە خوای لە پێشترە کە وەفات هەبێ بۆی».

(٢٥) رواه البخاري (١٨٥٢).

# بەسەرهاتێکی کاریگەر

یەزیدی ڕەققاشی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: چوومە ژوورەوە بۆلای پیاوێکی خواپەرست لە بەصرە، ماڵو منداڵەکانی بەدەورییەوە بوونو شەکەتو ماندووبوو (لە سەرەمەرگدا بوو).

دەفەرمووێت: باوکی دەستی کرد بە گریان، پێی ووت: ئەی شێخ بۆچی دەگریت؟

ووتی: ئەی کوڕم بۆ ئەوە دەگریم تۆ لە دەست دەدەمو ئیتر ناتبینمەوە.

دەفەرمووێت: دایکی دەستی کرد بە گریان، پێی وت: ئەی دایکی خۆشەویستم بۆچی دەگریت؟

ووتی: تۆ لە دەست دەدەمو ئیتر نازانم دوای تۆ چی ڕوومان تێدەکات.

دەفەرمووێت: خێزانیو منداڵەکانی دەستیان کرد بە گریان، سەیریان کردو پێیانی ووت: ئەی ئەو کەسانەی هەتیو دەکەون پاش کەمێکی ترئێوە بۆچی دەگرین؟

ووتیان: ئەی باوکە تۆ لە دەست دەدەینو نازانین بەهۆی بە لەدەستدانی تۆوە چیمان بەسەر دێت.

دەفەرمووێت: ووتی: هەڵمسێننەوە هەڵمسێننەوە وا دەبینم هەمووتان دەگرین بۆ دونیای من، بەڵام ئایە کەسێك نییە لە ئێوە بۆ قیامەتی من بگرێت؟

ئایا کەسێك هەیە لە ئێوە بۆ من بگرێت کە خۆڵ دەکرێتە سەرمدا؟

ئایا کەسێك هەیە لە ئێوە بۆ من بگرێت کاتێك لەلایەن مونکەرو نەکیرەوە پرسیاری ناو گۆڕم لێ دەکرێت؟

ئایە کێ لە ئێوە بۆ من دەگرێت کاتێك لەبەردەستی پەروەردگارم ڕادەوەستێنرێم؟

دەفەرمووێت: پاشان هاوارکردنێك هاواری کردو وەفاتی کرد.[٢٦]

---

(٢٦) صفة الصفوة (١٨/٤).

## لە کۆتایدا/

ئەی براکانم لە پێناو خوای گەورە، بزانن:

مردووەکان لەناو گۆڕەکانیان پەشیمانو خەفەت دەخۆن بۆ زیادکردنی کردەوەکانیان بە کردنی یەك سُبحان الله و نوێژێك (یان هەر زیكو صەدەقەو چاکەیەکی تر)، وە هەیانە داوا دەکات بگەڕێتەوە بۆ دونیا بۆ کردنی یەك سُبحانَ الله و نوێژێك، بەڵام ناتوانن بگەڕێنە، ئەوان لە کردەوە بچڕاون …

وە هەندێکیان لە خەودا بینراون وتوویانە: پەشیمانین لە کارێکی زۆر گەورە، ئەمان زانیو کردەوەمان پێ ناکرد، وە ئێوە کردەوە دەکەنو نایزانن، سوێند بەخوا یەك سبحان الله یان دوو سُبحانَ الله، یان ڕکاتێك یان دوو ڕکات نوێژ لە کتابی کردەوەی یەکێك لە ئێمە هەبێت پێمان خۆشترە لە دونیاو ئەوەی لە دونیادایە.

هەندێك لە سەلەف (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) فەرموویانە: هەموو ڕۆژێك کە باوەڕدار تێیدا دەژێت دەستکەوتە بۆی.

هەرکەسێك ئەوەی ماوە لە تەمەنی چاکی بکات خوای گەورە لەوەی ڕابردووی کە ئەنجامی داوە خۆش دەبێت، وە بە پێەوانەوەش ئەوەی ماوە خراپی بکات ئەوا ڕابردووو داهاتووی خراپ دەبێت.[٢٧]

## ئامۆژگاری/

ئەی براکانم لە پێناو خوای گەورە .. مردووەکان لەبیرمەکەن لە دایكو باوك، خوشكو برا .. بە دوعاو خێرکردن .. لەبەرئەوەی ئەوان زۆر پێویستییان پێیە.

خوای گەورە منو ئێوەش لەوانە بکات کە دەربارەیان فەرموویەتی:

﴿وَالَّذِينَ صَبَرُوا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ وَأَنْفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً وَيَدْرَءُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ أُولَئِكَ لَهُمْ عُقْبَى الدَّارِ (٢٢) جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَالْمَلَائِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِمْ مِنْ كُلِّ بَابٍ (٢٣) سَلَامٌ عَلَيْكُمْ بِمَا صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ﴾ [الرعد].

واتە: ﴿وَالَّذِينَ صَبَرُوا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ﴾ وە ئەو کەسانەی لە پێناو ڕووی پیرۆزو

(٢٧) لطائف المعارف (ص ٤٠٨).

ڕەزامەنـدی خـوای گـەورەدا ئارامیـان گرتـووە لەسـەر گوێڕایـەڵی و بـەردەوام بوونـە لەسـەری، وە لەسـەر تـاوان و سەرپێـچی و ئـەنجامیان نـەداوەو خۆیـان پاراسـتووە، وە لەسەر بەڵاو موسیبەتە بە ئێش و ئازارەکان و ناشوکریان نەکردووەو سوپاسگوزار بوونـە ﴿وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ﴾ وە ئەوانـەی کـە نوێـژەکانیان کـردووە بـەو شـێوازەی خـوای گـەورە فـەرمانی پـێ کـردووە ﴿وَأَنْفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً﴾ وە لـەوەی کـە پێمـان بەخشیوون زەکاتی ماڵەکەیان ئەدەن بە نهێنی بـۆ ئـەوەی نیـەتیان پـارێزراو بێـت، وە هەندێك جاریش بە ئاشکرا بۆ ئەوەی خـەڵکی چـاویان لـێ بکـات، وە نەفەقـەی خێـزان و منداڵەکانیان دەکەن و یارمەتی فەقیرو هـەژاران دەدەن ﴿وَيَدْرَءُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ﴾ وە بە چاکە وەڵامی خراپە ئەدەنەوەو تۆڵە بـۆ نەفـسی خۆیـان ناسـەنن ﴿أُولَئِكَ لَهُمْ عُقْبَى الدَّارِ (٢٢)﴾ ئەمانـە لەسـەر زەویـدا ئەبنـە جێنـشین، وە سـەرەنجامی قیامـەتو بەهەشتیـشیان بـۆ هەیـە ﴿جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا﴾ کـە بەهەشـتێکە شـوێنی مانـەوەی هەمیـشەییە و ئەچـنە ناویـەوە ﴿وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ﴾ وە دایـك و باوك و خێزان و منداڵ و نەوەکانیان ئـەوەی کـە چـاك بێـت هـەر هـەموویان خـوای گـەورە لەگەڵیاندا کۆیان ئەکاتەوە لە بەهەشتداو ئەوەی پلـەی نزمـە بـەرزی دەکاتـەوە بـۆ لای پلـە بـەرزەکان ﴿وَالْمَلَائِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِمْ مِنْ كُلِّ بَابٍ (٢٣)﴾ وە فریـشتەکانیش لـە هەموو دەرگاکانی بەهەشتەوە دێنە ژوورەوە بۆ لایان و پێیان ئەڵێن: ﴿سَلَامٌ عَلَيْكُمْ بِمَا صَبَرْتُمْ﴾ سەلامتان لێ بێت وە ئێوە لەمەودوا پارێزراو ئەبن لە ئازارو سـزا بـەهۆی ئـارام گرتنتان لەسـەر تـەقوای خـوای گـەورە لـە دونیـا ﴿فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ (٢٤)﴾ کـە ئەمـە باشترین سەرەنجام و شوێنی مانەوەیە کە ئێوە تیایدا ئەمێننەوە.

على أمل بـالله أنا سنلتقي    على سُرُرِ الفردوسِ فالله رائفُ  
سَنَذْكُرُ وعدا من مليك مُهَيمنِ    بِجنةٍ عدنِ حين يهتفُ هاتف  
سلامٌ عليكم فادخلوها برحمةٍ    ويمتاز في جنة عدن تعارُفُ

وصلى الله على نبينا محمدٍ وعلى آله وصحبه أجمعين،

ومن سار على نهجه إلى يوم الدين.

## ئەو بەرهەمانەی وەرمگێڕاوە

١- بەروبوومەکانی باوەڕبوون بە قەزاو قەدەر، وە ئارامگرتن و پلە و پایەی لە بیروباوەڕدا

نوسینی زانای پایەبەرز: الشيخ صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان

وەرگێڕانی: هشام لطيف البرزنجي

پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم

٢- ناوی کتێب: پەروەردەکردنی منداڵ لە ژێر ڕۆشنایی قورئانو سوننەتدا

نوسینی: عبدالسلام بن عبد الله السليمان

پێشەکی زانای پایەبەرز: صالح بن فوزان الفوزان

وەرگێڕانی: هشام لطيف البرزنجي

پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم

٣- تاوانە گەورەکان لە ژێر ڕۆشنایی قورئانو فەرموودە صەحیحەکان

زیاتر لە ١٠٠ تاوانی گەورە.

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: هشام لطيف البرزنجي

پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم

٤- هەڵبژاردنی الشيخ أحمد بن يحيى النجمى رحمه الله

لە کتێبی: (تأسيس الأحكام - شرح أحاديث عمدة الأحكام) لە بابەتی ڕۆژوو

نوسینی: الشيخ على بن يحيى الحدادى.

وەرگێڕانی: هشام لطيف البرزنجي

پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم

٥- ئەو بابەتانەی تایبەتە بە ئافرەتی موسڵمانەوە لە ڕەمەزاندا.

نوسینی: الشيخ: خالد بن خميس الجنيبى

وەرگێڕانی: هشام لطيف البرزنجي

پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم

**٦- دە ئامۆژگاری بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی بەربڵاو.**

**نوسینی: الشيخ عبدالرزاق البدر**

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي

**پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم**

**٧- پرسیار و وەڵام دەربارەی قورئان بۆ منداڵان**

**نوسینی: الشيخ:** الشيخ عرفات بن حسن المحمدي

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي

**پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم**

**٨-چی دەکەیت لە دوای لە دەستدانی خۆشەویستێکت؟**

**نوسینی: أبی عبدالعزیز منیر الجزائری**

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي